# نواندنی کارتۆگرافی بۆ توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای پێنجوێن

**د. شەماڵ علی مارف**
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
Shamal.marif@univsul.edu.iq
**د. کامەران محمد توفیق**
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی. بازرگانی
Kamaran.mohammed@garmian.edu.krd
**م. ارام حسن محمد**
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
**aram.hassan@garmian.edu.krd**

ڕێکەوتی وەرگرتن :١٥-٨-٢٠٢٥ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە٢١-٩-٢٠٢٥

**پوختەی لێکۆڵینەوە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەمەبەستی دەرخستنی توانستەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای پێنجوین و نواندنی بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) لەسەر نەخشە ئەنجامدراوە، مەبەست لە تیشک خستنە سەر ئەو شوێنانەی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە کە بەهای گەشتیاریی بەرزیان هەیە، بەئامانجی پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی پلاندانانی گەشتیاریی بەردەوام، قەزای پێنجوین خاوەنی تایبەتمەندیی سروشتیی سەرنجڕاکێشە، لەڕووی هەمەجۆریی تۆپۆگرافی و کەشوهەواوە، ئەمەش وایکردووە کە ژینگەیەکی نمونەیی هەبێت بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی.

توێژینەوەکە سێ باسی سەرەکی لەخۆدەگرێت، لەهەمانکاتدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت ، کە ئایا ئەو توانستانە ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییدا هەیە یان نا؟ بە ئامانجی گەیشتن بە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی، لێکۆڵینەوەکە میتۆدەکانی وەصفی و شیکاریی بەکارهێناوە.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریانخستووە، کە قەزای پێنجوێن توانای گەشتوگوزاریی ژینگەیی بەرزە و بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی گشتی و لاوازی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بە تایبەت بە شێوەیەکی زانستیی سوود لەم توانستانە وەرنەگیراوە، لێکۆڵینەوەکە پێشنیاری کردووە لە ڕێگەی بەکارهێنانی توانستەکانی

گەشتوگوزاری ژینگەییەوە پەرە بە گەشتوگوزاری بەردەوام بدرێت لە ناوچەکەدا، بە ئامانجی ئەوەی گەشتوگوزار لە ڕووی ئابورییەوە ببێتە سەرچاوەی داهات بۆ دانیسشتوانی ناوچەکە و ڕۆڵی هەبێت لە هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات لە قەزای پێنجوێندا.

**کلیلە ووشەکان**: گەشتوگوزاری ژینگەیی، پەرەپێدانی گەشتوگوزار، قەزای پێنجوێن، نواندنی کارتۆگرافی...

**الملخص:**

أجريت هذه الدراسة لتمثيل إمكانيات السياحة البيئية في قضاء بنجوين، وتوضيحها باستخدام تقنيات نظم المعلومات الجغرافية (GIS) على خريطة، بهدف إبراز الأماكن ذات القيمة السياحية العالية في منطقة الدراسة، ودعم جهود التخطيط السياحي المستدام. تتميز قضاء بنجوين بخصائص طبيعية جذابة، من حيث التنوع الطبوغرافي والمناخي، مما يجعلها بيئة مثالية للسياحة البيئية. يتضمن البحث ثلاثة أقسام رئيسية، القسم الأول خصص للإطار النظري للبحث، وفيه تم التعريف بمنطقة البحث والمفاهيم المستخدمة، والقسم الثاني أهم إمكانيات تنمية السياحة البيئية في قضاء بنجوين، أما القسم الثالث فقد خصص لتحليل نتائج استمارة المسح حول تنمية السياحة البيئية في منطقة الدراسة، وافترض الباحث ثراء قضاء بنجوين بإمكانيات تنمية السياحة البيئية، مع السعي للإجابة على سؤال ما إذا كانت هذه الإمكانيات تلعب دوراً في تنمية السياحة البيئية موجودة أم لا، ولتحقيق النتائج المتوقعة، استخدمت الدراسة المنهج الوصفي والتحليلي. أظهرت نتائج الدراسة أن قضاء بنجوين يتمتع بإمكانات عالية للسياحة البيئية، ونظراً لنقص الخدمات بشكل عام وضعف الخدمات السياحية بشكل خاص، لم يتم استغلال هذه الإمكانات علمياً في تطوير السياحة المستدامة في المنطقة من خلال استغلال إمكانيات السياحة البيئية، بهدف جعل السياحة مصدر دخل اقتصادي لسكان المنطقة ولعب دور في تنويع مصادر الدخل في قضاء بنجوين.

**الكلمات المفتاحية: السياحة البيئية، تنمية السياحة، التنمية المستدامة، التمثيل الخرائطي.**

**Abstract**:

This study was conducted to represent the potential of ecotourism in Penjwen district and demonstrate it using Geographic Information System (GIS) techniques on a map، the purpose of highlighting the places in the study area that have high tourism value، in order to support In the efforts of sustainable tourism planning، Penjwen district has attractive natural characteristics، in terms of topographical and climatic diversity، which makes it an ideal environment for eco-tourism.

The research includes three main sections، the first section is devoted to the theoretical framework of the research، in which the research area and concepts used are introduced، the second section is the most important capabilities of ecotourism development in Penjwen district The third section is devoted to analyzing the results of the survey form on the development of ecotourism in the study area The assumption of the richness of Penjwen district is based on the potential of eco-tourism development، while seeking to answer the question of whether these potentials play a role

in the development of eco-tourism is there or not In order to achieve the expected results، the study used descriptive and analytical methods.

The results of the study showed that Penjwen district has a high potential for eco-tourism and due to the lack of services in general and weak tourism services in particular، these potentials have not been used scientifically Develop sustainable tourism in the region through the use of eco-tourism potential، with the aim of making tourism an economic source of income for the residents of the region and play a role in its diversification Sources of income in Penjwen district.

**Keywords**: Ecotourism، Tourism Development، Sustainable Development، Cartographic representation.

**پێشەکی:**

گەشتوگوزاری ژینگەیی یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، بەو پێیەی بەشداری دەکات لە پاراستنی سامانە سروشتییەکان و ڕۆڵی ئەوان لە پشتیوانیکردن لە گەشەپێدانی ناوخۆیی و ناوچەیی چالاک دەکات. قەزای پێنجوێن بە یەکێک لە ناوچە گەشتیارییە دیارەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت بەهۆی زۆری سامانە سروشتی و ژینگەییەکانی, کە بریتین لە ناوچە شاخاوییە بەرزەکان و کەشوهەوای مامناوەند و دیمەنە سروشتییە جوانەکانی، ئەمە جگە لە جۆراوجۆری دەوڵەمەندی بایۆلۆجی، کە ئەمەش سوودێکی کێبڕکێی پێدەبەخشێت لە بواری گەشتوگوزاری ژینگەییدا. گرنگی ئابووری ئەم کەرتە لە توانای هاندانی گەشتیاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕەخساندنی هەلی کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و هەمەچەشنکردنی بنەمای ئابووری دوور لە پشتبەستن بە چالاکییە تەقلیدییەکاندایە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا، نواندنی کارتۆگرافی شێوازێکی زانستی وردە بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی دابەشبوونی شوێنی پێکهاتەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، کە وەبەرهێنانی سیستماتیکی و بەردەوامیان دەکات. بۆیە ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پێکهاتەکانی گەشتوگوزاری ژینگەییە لە قەزای پێنجوێن و تیشک خستنە سەر ڕۆڵی ئەوان لە گەیشتن بە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوام. قەزای پێنجوێن جیاواز لە ناوچەکانی تر جۆراوجۆری توانستەکانی ڕاکێشانی گەشتیاری ژینگەیی هەیە، لەوانە شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی بەرزونزمییەکەی، ئەوانەی پێکەوە ژینگەیەکی جیاوازیان دروستکردوە لە ڕووەکی سروشتی جیاواز و جۆراوجۆر، کە وەک پەناگەیەکە بۆ ئاژەڵ و باڵندەی کێوی جیاوازتر لەوەی لە ناوچەکانی تر هەیە.

توێژینەوەکە سێ باسی سەرەکی لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەك باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە، کە تیایدا ناوچەی لێکۆڵینەو و چەمکە بەکارهاتووەکان ناسێنراون، لە باسی دووەمدا گرنگترین توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای پێنجوێندا ناسێنراون و بەشێوەی کارتۆگرافی لەسەر

نەخشە نیشاندراون، هەروەها باسی سێیەم بۆ شیکردنەوەی دەرەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت بە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەرخانکراوە.

**کێشەی لێکۆڵینەوە:**

لەگەڵ ئەوەی قەزای پێنجوین خاوەنی چەندین توانستی گەشتوگوزاری ژینگەییە لە (بەرزونزمی و ئاووهەوا و دەرامەتی ئاو و ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵی کێوی و دیمەنی جوان ...هتد), کە دەتوانرێت ببێت ناوچەیەکی نموونەیی گەشتوگوزاری ژینگەیی, بەڵام نەبوونی پلان و پەرەپێدان و کەمی خزمەتگوزارییەکان ڕێگربووە, کە ببێتە ناوچەیەکی پێشکەوتوی گەشتوگوزاری ژینگەی و لەگەڵ نەبوونی نەخشەی کارتۆگرافیی وورد, کە دابەشبوونی ئەم توانستانە لەخۆ بگرێت. پرسیارەکانی توێژینەوە بریتییە لە:

١. ئایا توانستە کانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەی لەقەوای پێنجوێندا هەیە؟

٢. چۆن دەتوانرێت ئەم توانستانە بە نەخشە بخرێتە ڕوو بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان؟

**گریمانەی تویژینەوە:**

قەزای پێنجوێن خاوەن توانستی ژینگەیی جۆراوجۆرە، دەکرێت لەڕێگەی بەکارهێنانیانەوە شوێنی گەشتیاریی سەرنج ڕاکێش دروست بکرێت، کە بەشداری بکات لە چالاککردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزاکەدا، ئەمەش پێویستی بە پیادەکردنی پلان و ستراتیجی بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی ئەم کەرتە زیندووە هەیە، کە بەسەرچاوەیەکی ئابووری گرنگ دادەنرێت بۆ داهات و بەکارخستنی دەستی کار و چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین گریمانەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئم دوو خالأةدابرێژین:

١-قەزای بنجوێن خاوەنی توانستی سروشتی و مرۆیی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت پەرە بە گەشتوگوزاری ژینگەیی بدرێت.

٢-دەتوانرێت بە شێوەیەکی ورد و ڕوون لەڕێگەی نەخشەوە نواندن بۆ توانستەکان بکرێت بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی ( (GIS).

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

لێکۆڵینەوە کار لەسەر ئەم ئامانجانە دەکات:

١-خستنەڕووی توانا و بنەما سروشتی و مرۆییەکانی قەزای پێنجوین، کە دەتوانن بەشداری بکەن لە دروستکردنی چالاکی گەشتوگوزار.

٢-پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی چوارچێوەیەک کار پەرەپێدانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار بکات.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

گرنگی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات لە:

١- لە بواری زانستییەوە بابەتی گەشتوگوزاری ژینگەیی بایەخی کەمی پێدراوە، چ لە لایەن توێژەران یان حکومەتەوە، هەر بۆیە لێکۆڵینەوە بایەخ و زانیاری پێویست لەسەر چەمک و پێنەسەکانی بابەتەکە دەخاتەڕوو.

٢-لەبواری ئابوورییدا ڕوونکردنەوەی توانستەکانی گەشتوگوزار و گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بۆ کەسانی بڕیار بەدەست لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگا و قەزا، لەگەڵ دەرخستنی ڕۆڵی کەرتی گەشتوگوزار وەکو یەکێک لە ئەڵتەرناتیڤە ستراتیجییەکانی جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەشداریکردن لە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکەدا.

٣-لەبواری پلاندانان، هەوڵێکی توێژەرانە بۆ پێشکەشکردنی هەندێک پلان و ستراتیج لەسەر بنەمای توانستەکانی ناوچەکە و ئەزموون و شارەزایی توێژەران لە پێناو دەوڵەمەندکردنی پلاندانانی گەشتیاری و خستنەڕووی هەندێک بیرۆکە بەمەبەستی گفتوگۆ.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە سێ باس، لە باسی یەکەمدا زاراوە کان و ناوچەی لێکۆڵینەوە ناسێنراون، باسی دووەم تایبەتە بە ناساندنی هەندێك لە کاریگەرترین توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای پێنجوێندا، لە باسی سێیەمدا دەرەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت بە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە خراونەتەڕوو.

**باسی یەکەم: ناساندنی زاراوەکان و ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**یەکەم:زاراوەکان:**

١. **نواندنی کارتۆگرافی:** زانستی کارتۆگرافیا بریتییە لە (ئەو زانستەی لە ناوەڕۆکی نەخشەکان دەکۆڵێتەوە، بەرەوپێشچوونیان، ناوەڕۆکەکانیان، ئامرازەکانی ئامادەکردنیان، نواندنی دیاردەکان لەسەریان، پۆلێنکردنیان، هەروەها شێوازەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەیان، وە چۆنیەتی بەکارهێنان و خوێندنەوەیان وەک بەڵگەنامەیەکی زانستی و مێژوویی، ئامرازێکی پەیوەندیکردن، لە شێوە و مۆدێلە نەخشەسازییەکانی تر دەکۆڵێتەوە، وەک تۆپۆگرافیا و جیۆمۆرفۆلۆژیا و گرافەکان)، ئەکادیمیای زانستی عێراقی کارتۆگرافیای بە زانستی نەخشەکێشان پێناسەی کردووە (عباس، ٢٠١٤، ١٢).

نواندنی کارتۆگرافی زاراوەیەکە لە نەخشەسازی و جوگرافیادا بەکاردێت و بە واتای:گۆڕینی داتا و زانیاری جوگرافی یان ئاماری دێت بۆ فۆرمێکی بینراو (نەخشە) کە تێگەیشتن و شیکارکردنی ئاسان دەکات. نواندنی کارتۆگرافی شێوازێکە بۆ پیشاندانی زانیاری شوێنیی (وەک دانیشتوان، کەشوهەوا، سەرچاوە جیاوازەکان، گەشتوگوزار، پیسبوون .... هتد) لەسەر نەخشە، بە بەکارهێنانی هێما و ڕەنگ و شێوە،کە ئەو زانیاریانە دەردەبڕن.

٢. **گەشتوگوزار:** گەشتوگوزار تێکەڵەیەک لە دیاردە و پەیوەندییەکانە و ئەم پەیوەندی و دیاردانەش لە جوڵەی تاکەکان و مانەوەیان لە شوێنە جیاوازەکاندا سەرچاوە دەگرن, بەم شێوە توخمە جوڵە (گەشت) و جێگیربون (مانەوە)



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەخۆ دەگرێت و ئەمەش لە ناوچەیەکی سـەرنجڕاکێشـدا ڕوودەدات, کە لە ئەنجامدا چالاکییەکان جیاوازن لەوانەی لە شـــوێنی دەرچوون پراکتیزە دەکرێن و جوڵەکەش کاتییە بۆ ئەو ناوچانەی, کە پەیوەندییان بە کاری دەســـتکەوتی مادییەوە نییە (عبدالحكيم, ٢٠١٢, ٩).

٣. **گەشـــتوگوزاری ژینگەیی:** ئیکۆتۆریزم Eco Tourism هەموو جۆرەکانی گەشـــتوگوزارە، کە بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە چاودێریکردنی ســـروشـــت و ڕێگریکردن لە هەر پیســـبوونێک یان هەر زیان گەیاندنێک، کە ڕەنگە کاریگەری لەســـەر ژینگەی ســـروشـــتی یان میراتی کولتووری هەبێت و یارمەتیدەرە لە پاراســـتنی (زعرور، ٢٠١٦، ٢٠٥). ئیکۆتۆریزم ئەو جۆرە کات بەسـەربردنەیە، کە پەیوەندی نێوان گەشـتیاری و ژینگە نیشـان دەدات (جسـام و اخرون، ٢٠٢٠، ٣٩٥)، بەدواداچوون و سـەفەرکردنی ئەو مرۆڤانەیە، کە بەدوای ئاسـوودەیی دەروونیدا دەگەڕێن لەو ناوچانەی سروشتی جوانیان هەیە و هاوسەنگی سروشتییان تێک نەچووە، بە ئامانجی چێژوەرگرتن لە دیمەن و ڕووەکەکانی و چاودێریکردنی گیانلەبەرە کێوییەکانی لە نزیکەوە (الصلوي، ٢٠٠٤، ٣٧).

٤. **پەرەپێدانی گەشتوگوزار:** پەرەپێدانی گەشتوگوزار بە وەبەرهێنان لە سەرچاوە و تواناکانی گەشتوگوزار بە ئامانجی بەشـداریکردن لە زیادکردنی داهاتی نیشـتمانی و هەمەچەشـنکردنی سـەرچاوەکانی داهات پێناسـە دەکرێت (قیصـــي، ٢٠٠٠، ١٤٣)، لە پێناســـەیەکی تردا هاتووە: پەرەپێدانی گەشـــتوگوزار بریتییە لە باشـــترکردنی خزمەتگوزاری گەشـتوگوزاریی و تێرکردنی پێداویسـتی گەشـتیاران. هەروەها هەندێک کاریگەری گەشـتیاری لەبەرچاو دەگرێت، کە هەلی کار دروســـت دەکەن و تەواوکاری کولتووری لە لایەنەکانی پەیوەســـت بە شـــێوازە شـــوێنییەکانی داواکاری و خستنەڕوو بەدەست دەهێنن(الهزيماوي، ٢٠٢١، ٢٨).

**دووەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**قەزای پێنجوێن:** لەسەر ناوی پێنجوێن چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە، نوسەر و ڕۆشنبیر (محەمەد ئەمین پێنجوێنی) دەڵێت: ناوی پێنجوێن لە پێنج جوەوە هاتووە، گوایە پێنج جوو دروستیان کردوە،، لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکات، کە دوو بنەماڵەی ناودار لە پێنجوێن بەناوی (بارام و مخە) هەن، بارامەکە لە ئەبراهامەوە هاتووە و مخەکەش لە میخائیلەوە هاتووە، کە بارام ناوی شوێنێکی پیرۆزە لە ئیسرائیل، دەوترێت پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ماوەیەک لەوێ ژیاوە، هەروەها دکتۆر (کەیوان ئازاد) هەمان ڕای هەیە (رشيد، ٢٠٢٣، ١٣).


مێژوونوسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) دەڵێ: پێنجوێن لە کاتی خۆرهەڵاتن پێنج وێنەی تێدا بەدیدەکرێت)، هەروەها مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانیش هەمان بۆچوونی هەبووە، شێخ موحەمەدی خاڵ بۆچوونی وایە، کە پینجوێن چوارسەد ساڵ لەمەوبەر دروست بووە، ئەوانەی ئاوەدانیان کردۆتەوە پینج کەس بوون، هەریەکەیان لە بناری چیایەکدا و بەرامبەر بە یەک خانویان دروست کردوە، لەبەرئەوەش بە ماڵیان گوتوە ((وین)) واتە پێنج ماڵ، دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زاراوەی پێنجوێن سەریهەڵداوە (مستەفا، ٢٠١٦، ١).

مێژووی دروستبوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم واتە زیاتر لە ٤٠٠ ساڵە ئەم شارە ئاوەدانی تێدایە، لەگەڵ دروستبوونی حکومەتی عێراقدا بەهۆی هەڵکەوتوویی پێنجوێن و پێشکەوتوویی دانیشتوانەکەی لەسەرجەم بوارەکاندا، لە ساڵی (١٩٢٢) پێنجوێن کراوەتە ناحیە و چەند دام و دەزگایەکی حکومی تێدا دانرا و بینایان بۆ دروستکرا و خەڵکی ناوچەکەش بۆ ڕایکردنی کاروبارە حکومییەکان ڕوویان تێدەکرد و تا کۆتایی

ساڵ ١٩٥٨ سەربەقەزای هەڵەبجە بووە. پێنجوێن بەم شێوەیە مایەوە تا ساڵی ١٩٥٩ ئیتر بە هۆی فراوانبوونی ناوچەکە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی پێنجوێن کرایە قەزایەکی سەربەخۆ، لە ساڵی ١٩٧٨ کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و لە ساڵی ١٩٨٢ دانیشتوانەکەی ڕاگوێزرا و کرایە ناوچەیەکی قەدەغەکراو بەهۆکاری جەنگی عێراق ئێران (رشید، ٢٠٢٣، ١٣)، دواتر جارێکی تر لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئاوەدانکرایەوە.

١. **شوێن و ڕووبەر:** قەزای پێنجوێن یەکێک لە یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانییە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو پارێزگایە و (١٠٣)کم دورە لە شاری سلێمانییەوە، لە بەشی باکور و ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و لە باشــور و باشــووری ڕۆژئاواوە هاوســنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە و قەزای ســەید صــادق، لە بەشــی ڕۆژئاوایەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای شارباژێر (بڕوانە نەخشەی ١)، لەڕووی تۆبۆگرافیاوە دەکەوێتە ناوچە شاخاوییە پێچ ئاڵۆزەکانی هەرێمی کوردســتان، کە ناوچە شــاخاوییەکان بە شــوێنە گەشــتیارییە ســەرەکییەکان دادەنرێن، لەبەرئەوەی گەشــتیارێکی زۆر بۆ خۆیان ڕادەکێشــن، چ ناوخۆیی یان بیانی، و هانیان دەدەن بۆ چالاککردنی ڕێڕەوی گەشتیاری سروشتی تێیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە لایەنی جۆراوجۆری ژیانیان تێدایە، وەک ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵە کێوییەکان، هەروەها بوونی شـێوەی جیاوازی ڕێڕەوی ئاوی تێیدا، لەگەڵ هەوای پاک و دۆخێکی ئارام بەهۆی دوورییان لە ســەرچاوەکانی پیســبوون. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە ئاماژەن بۆ کاریگەرییە ئەرێنییە تەندروســتی و دەروونییەکانی ئەم ناوچانە.

نەخشەی (١) شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق



سەرچاوە: توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی.Arc GIs 10.3

لەڕووی کارگێڕییەوە لە سێ ناحیە پێکهاتووە (ناحیەی سەنتەری ، ناحیەی گرمک، ناحیەی ناڵپارێز)، کۆی ڕووبەری قەزاکە ١١٤٣,٥ کم٢، کە ڕووبەری ناحیەی سەنتەر ٢٤٤,٥ کم٢ و ناحیەی گەرمک (٥٨٥,٥)کم٢ و ناحیەی ناڵپاریز ٣١٣,٥ کم٢.

٢. **دانیشتوان:** گەشتوگوزار چالاکیەکی مرۆییە، کە پشت بە بەکارهێنانی ئەو سامانە سروشتیانە دەبەستێت، کە شـوێنێک لە شـوێنێکی دیکە جیا دەکاتەوە، بەڵام ئەم سـەرچاوانە پێویسـتیان بە هەوڵ و کاری مرۆڤ هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و هەرەشەیان لێ نەکرێت. زۆرن ئەو ناوچانەی ،کە سامانی سروشتییان هەیە، بەڵام بەهۆی خراپ بەکـارهێنـانی مرۆڤ، نەبوونی شـــارەزایی تەکنیکی، لاوازی توانـاکـان، یـان هۆکـاری تر، بەکارنەهێنراون. گرنگترینی ئەم سـەرچاوانە بێ گومان ئەو توخمە مرۆییەیە، کە بریتییە لە دانیشـتووان، ئامرازەکانی گواســتنەوە و هۆکارە مێژووییەکان،وەک شــوێنەوارە کۆنەکان و ئاســانکاری میوانداری بە فۆرمە جیاوازەکانیان، کە کاردەکەن بۆ ڕاکێشانی چالاکیی گەشتوگوزار (شریف، ٢٠٢١، ٢٧).

ژمارەی دانیشتووان یەکێکە لەو پێکهاتە جوگرافیانەی، کە کاریگەری لەسەر هەر چالاکیەکی ئابووری هەیە و ئەرکی فرەلایەنەی هەیە. ئەوان کرێکار و بەکاربەرن، بازاڕ و خواست لەلایەن ئەوانەوە دیاری دەکرێت و بەرهەمهێنان هاندەدرێت لە وەڵامی زیادبوونی خواست، کە لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەوە دروست دەبێت.

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە (٢١٦١٧) کەسە لە ساڵی (١٩٥٧)، ئەو ژمارە دەگاتە (٢٤٧٣٢) کەس بە پیی سەرژمێری ساڵی (١٩٦٥) بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (١,٧%)، وەک لە خشتەی (١) خراوەتەڕوو دانیشتوانی قەزای پێنجوین لە گەشەی بەردەوامدا ئەبن و دەگاتە (٣٦١٦٥) کەس و بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی (٣,٢%) بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، دواتر هیچ داتایەک لەسەر دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە نیە بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) بەهۆکاری ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و هەڵوەشاندنەوەی یەکە کارگێڕییەکە بەهۆکاری جەنگی عێراق-ئێران.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە ناوچەکە بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە گەڕانەوە زێدی باوباپیرانیان، وەک لە داتاکانی ساڵی (٢٠٠٢) دەردەکەوێت ژمارەی ناوچەی لێکۆڵینەوە (٤٣٠٧١) کەسە، جگە لەنەمانی هۆکارەکانی قەدەغەکردنی گەڕانەوەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، خراپی دۆخی دارایی دانیشتوانی هەرێم بەهۆکاری ئابلۆقەی ئابوری دوولایەنە (نێودەوڵەتی و عێراق) پاڵنەربوو بۆ گەڕانەوەی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە بۆ شوێنی خۆیان بەهۆکاری بوونی سێ خاڵی سنووری گرنگ (باشماخ، سەیران بەن، هووشیاری)، کە هەڵی کاری بۆ زۆرێک لە دانیشتوانی ناوچەکە دابین کردوە، جارێکی تر ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرەو کەمبوون ڕۆیشتوە وەک دەردەکەوێت (٣٨٢٥٣) کەسە لە ساڵی (٢٠٠٩) بەرێژەی گەشەی ساڵانە (-١,٧%) ئەوەش پاش ئەو گۆڕانکارییەی لە سیستمی دەسەڵات هاتە ئاراوە لە وڵاتی عێراق و کرانەوەی ئابووری هەرێم و باشبوونی دۆخی ئابووری دانیشتوان و دەستپێکردنی دامەزراندن لە دام و دەزگا جیاوازەکانی حکومەت کۆچی دانیشتوانی لێ هاتە ئاراوە بە تایبەت بۆ شاری سلێمانی، لەگەڵ ئەوانەشدا هۆکارێکی گرنگ و کاریگەر هەیە ئەویش

مەترسی کێڵگەکانی مینە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە قوربانیەکی زۆری لەساڵانی دوای ئاوەدانی ناوچەکە لێکەوتەوە، بە پێی زانیارییەکان تائێستاش نزیکەی (٨٢%) ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لە مین پاک نەکراوەتەوە (کریم، ٢٠٢٢، ١٩٨)، بەپێی داتا بەردەستەکان دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە جارێکی تر بەرەو هەڵکشان ڕۆیشتوە و گەیشتوەتە (٥١٧١١) کەس لە ساڵی (٢٠٢٤) و بەنزیکەی ڕێژەی گەشەی ساڵانە (٢%)، ئەمەش دەکرێت بیگەڕێنینەوە بۆ ئەو دۆخە ئابورییەی هەرێمی پێدا تێپەڕ دەبێت لە دوای تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە ساڵی (٢٠١٤) بەدواوە و خراپی گوزەرانی مووچەخۆران.

خشتەی ١ ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی گەشەی ساڵانە% |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٢١٦١٧ | |
| ١٩٦٥ | ٢٤٧٣٢ | ١،٧ |
| ١٩٧٧ | ٣٦١٦٥ | ٣،٢ |
| ١٩٨٧ | - | - |
| ٢٠٠٢ | ٤٣٠٧١ | ٠،٧ |
| ٢٠٠٩ | ٣٨٢٥٣ | ١،٧- |
| ٢٠٢٤ | ٥١٧١١ | ٢ |

سەرچاوە: توێژەران پشت بەستن بە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان، زانیاری بڵاونەکراوە.

**باسی دووەم: توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لەقەزای پێنجوێندا:**

توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی زۆر و جۆراوجۆرن، گرنگی و بایەخیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەپێی جۆری داواکاری گەشتیاری و ئەو بارودۆخە گەشتوگوزارییەی لە ناوچەکەدا هەیە دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی تا ژمارەی ئەم توانستانە لە ناوچەیەکدا زۆر و جۆراوجۆر بن کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین گەشتیار.

قەزای پێنجوێن لەڕووی توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییەوە بەیەکێك لە دەوڵەمەندترین قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لە گرنگترین ئەو توانستانە دەکەین:

**یەکەم: شوێنی جوگرافی:**

کاریگەری شوێنی جوگرافی لە دیاریکردنی ڕواڵەتە سروشتییە جیاوازەکانی ناوچەیەکدا دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی هەڵکەوتەی شوێن بەپێی بازنەکانی پانی بەرپرسە لە دیاریکردنی جۆری ئاووهەوا و ڕووەکی سروشتی و ژیانی کێوی، هەروەها هەڵکەوتن بەپێی هێڵەکانی درێژیی بەرپرسە لە دەستنیشانکردنی جیاوازی کات لە نیوان دوو ناوچەدا، لە دەرەنجامدا لە مەودا جیاوازەکاندا گەشتوگوزاریی وەرزیی ( هاوینەیی و زستانەیی) سەرهەڵدەدات (الطيب، ٢٠٠١، ١٩).

لەلایەکی دیکەوە بایەخی شوێنی جوگرافی لە لێکنزیکی نێوان مەڵبەندەکانی دەرچوونی گەشتیاران (شارەکان)و ناوەندەکانی پێشوازیکردن لە گەشتیاران (شوێنە گەشتیارییەکان) دەردەکەوێت، واتە هەتا شوێنە گەشتیارییەکان لە شارەکانەوە نزیکتر بن کاتی پێویست بۆ گەیشتن بەم ناوچانە کەمتردەبێتەوە، سەرەڕای کەمبوونەوەی تێچووی گواستنەوە و کەمبوونەوەی مەترسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، لەکاتێکدا گەشتیار بتوانێت بە بەکارهێنانی زۆرترین جۆری ئامرازەکانی گواستنەوە بە ماوە و تێچوویەکی کەم بگاتە ناوچە گەشتیارییەکان دەتوانێت بگاتە ترۆپکی چێژ و خۆشی لە گەشتەکەیدا ( الحمیری والحوامدة، ٢٠٠٦، ١٠١).

قەزای پێنجوێن لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٥,٢٦,٠١) و (٣٥,٥١,٠٥) ی باکور و هەردوو هێڵی درێژیی (٤٥,٤٥,٠٣) و (٤٦,٢١,٠٠)ی خۆرهەڵات، نەخشەی ژمارە (٢).

کرامپۆن (Crampon) لەسەر گرنگی شوێنی جوگرافی لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاردا پێوەرێکی داناوە، کە دووری نێوان ناوچە گەشتیارییەکان لە ناوەندەکانی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی کردووەتە پێوەر بۆ هاوکێشەکەی، بەم شێوەیەی خوارەوە:


$K=N/J^2$

K= نیوەتیرەی ڕووبەری گەشتوگوزاریی پێویست بۆ دانیشتوانی شارێك (ناوچەیەك) لەماوەی ساڵێکدا.

N= ژمارەی دانیشتوان.

J=دووری نێوان ناوچە گەشتیارییەکان لە شارەکانەوە بە کیلۆمەتر.

نەخشەی (٢) شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای پێنجوێن




سەرچاوە: توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIs 10.3.

بەجێبەجێکردنی هاوکێشەی کرامپۆن بەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانیدا لە ساڵی ٢٠٢٠ کە ژمارەی دانیشتوان ١٠٢٠٣٦٧ کەس بووە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠)، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووبەری گەشتوگوزاری پێویست بۆ دانیشتوانی ئەم شارە لەماوەی ساڵێکی تەواودا دەگاتە ٢٩ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، ئەویش بە کاریگەریی نزیکی شاری سلێمانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەوە، لەهەمان کاتدا ڕووبەری گەشتوگوزاریی پێویست بۆ دانیشتوانی پارێزگای دهۆك تەنها ٦٢ کیلۆمەتری چوارگۆشە بوو لەماوەی ساڵەکەدا.

**دووەم: بەرزونزمی**: مەبەست لە چیا و دۆڵ و گرد و بان و دەشتەکانە، زۆربەی توێژەرانی بواری جوگرافیای گەشتوگوزار جەخت لەسەر گرنگی ئەم پێکهاتانەی ڕووی زەوی لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ هەرناوچەیەك دەکەنەوە (قیصي، ٢٠٠٠، ٣٠)، جۆراوجۆری ڕواڵەتەکانی ڕووی زەوی واتە هەمەجۆری ئاووهەواو و ڕووەکی سروشتی و ژیانی کێوی، کە لەئەنجامدا ئەم ناوچەیە دەبێتە جێگەی سەرنج و بایەخی زۆرترین گەشتیار (البارقي، ٢٠١١، ٩٥).


پێکهاتەی بەرزونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕەنگدانەوەی ئەو جوڵە تەکتۆنییانەیە کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسیان پێکهێناوە، بە بەرزونزمی زۆر و سەختی ڕووەکەی ناسراوە، نەخشەی ژمارە ٣، دابەشدەکرێن بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا، ئەوانیش:

١. **زنجیرە چیاکان**: ناوچەی چیاکان بەگشتی بە ئارامی کەش و ژینگەیەکی خاوێن بۆ حەوانەوە و پشوودانی گەشتیاران ناسراون، چونکە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و ئاووهەوایەکی پاك و سەرنجڕاکێشیان هەیە بەراورد بە ناوچەی دەشتەکان ( نجم الدین، ٢٠١٢، ١٥)، چیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێچی توند و سەخت و درز و لوتکەی بەرز و شکانەوەی گەورە ناسراون، بە تێکڕا بەرزییان لەسەروو ١٥٠٠ مەترەوە دەبێت و بە سەختی دامێنەکانیان ناسراون و بە دوو ئاراستە درێژدەبنەوە، گروپی یەکەمیان لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا درێژدەبێتەوە و پێکدێت لە هێڵی سنوریی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا و لە زنجیرە چیاکانی ( سێڕستان کە ٢٢٣٢ مەتر بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە لە لوتکەی کۆترەسپیدا، بەردەسپی ٢٤٨٩م ) پێکهاتوون کە سنوری باکوری خۆرهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنن، گروپی دووەم لە باکوری خۆرئاواوە بۆ باشوری خۆرهەڵات درێژدەبێتەوە و لە چیاکانی ( پێنجوێن ٢٠٢٥م، سورێن ٢٢٣٢م ، شەوەقەت ١٨٢٢م) پێکدێت.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نەخشەی (٣) بەرز و نزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی.Arc GIs 10.3

٢. **دۆڵەکان**: دۆڵەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشـــێوەیەکی لاکێشـــەیی و درێژکۆلەیی لەنێوان زنجیرە چیاکاندا درێژدەبنەوە ( حەمەد، ٥٧، ٢٠٠٨)، دیمەنێکی جوان و ســـەرنجڕاکێشـــیان هەیە بەتایبەت لە وەرزی بەهاردا ژمارەیەکی زۆر گەشـــتیار ســـەردانیان دەکەن، بەشـــێکی زۆری دۆڵەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لقی چەم و ڕوباری هەمیشـــەیی و وەرزیی پیایاندا تێدەپەڕن و کەشـــێکی گونجاو بۆیەســـەربردنی کات و ئەنجامدانی چالاکییە گەشـــتیارییەکان فەراهەمدەکەن، لەهەمانکاتدا دۆڵەکان بەســـەرچاوەی دروســـتبوونی دیاردە جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی وەك( تاڤگە و قەڵبەزەو ئەشکەوت و هتد...) دادەنرێن (مارف، ٢٠١٤، ٦٧).

دۆڵەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە, کە دەکەونە نێوان زنجیرە چیاکانی ناوچەکەوە بوون بە ڕێڕەوی ڕۆیشتنی چەم و جۆگە ئاوییەکان تەنیشتەکانیشیان بە ڕووەکی کەنار چەم و ڕووبارەکان داپرشراون، بەمەیش کەشێکی لەباری گەشتیارییان دروستکردووە، لەکاتێکدا گرنگی بەم توانستانە بدرێت ناوچەکە دەبێتە پێگەیەکی گەشتوگوزاری گرنگ بۆ دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستانیش، خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی (٢) هەندێك لە گرنگترین دۆڵەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە

| دۆڵ | بەرزیی لە ئاستی ڕووی دەریا بە مەتر | شوێنی جوگرافییان |
|---|---|---|
| دۆڵی شلێر | ٢٠٠٠-١١٧٠ | نێوان چیاكانی سێڕستان و بەردەسپی |
| دۆڵی ڕەشان | ١٥٣٨-١٢٠٠ | نێوان چیاكانی شەوەقەت و سورێن |
| دۆڵەسور | ١٥٣٥-١٠٦٣ | نێوان چیاكانی قایە |
| دۆڵی میران | ١٧٠٠-١١٨١ | نێوان چیاكانی كۆترەڕەش |
| دۆڵی دارۆخان | ٢٠٠٠-١٣٣٤ | نێوان چیاكانی كلۆرە و كۆترەڕەش |

سەرچاوە: ڕێباز لقمان مصطفی، توانستە جوگرافییەكانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەكارهێنانیGIS ، نامەی ماستەر، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان، زانكری سلێمانی، ٢٠١٦، ل٢٨، عبدالجبار صالح محمد امین، قەزای پێنجوێن لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سروشتی، نامەی ماستەر، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل ٥٢.

٣. **بانەكان**: بەرزییان لە چیاكان كەمترە و خاوەنی بەرزییەكی مامناوەند و ڕوویەكی تەختن بەراورد بە چیاكان، لەهەمان ئەو سەردەمە جیۆمۆرفۆلۆجییانەدا دروستبوون كە چیاكانی ناوچەی لێكۆڵینەوەیان دروستكردووە، بانی پێنجوێن بە گەورەترین و فراوانترین بانی ناوچەی لێكۆڵینەوە دادەنرێت، درێژییەكەی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا ١٢ كم و پانییەكەی لە باكورەوە بۆ باشوور ١٠كم دەبێت و تێكڕای بەرزییەكەی لە ئاستی ڕووی دەریاوە لەنێوان ١٥٢٥-١٨٣٠ مەتر دەبێت، چیاكانی شەوەقەت دەكەونە بەشی باشوری و چیای پێنجوێن لە خۆرئاوا و چیای كێشەدەر لە باكور و باكوری خۆرئاوای هەڵكەوتوون، هەروەها چەمی قزڵجە بەناوەڕاستی ئەم بانەدا ڕێدەكات و چەندین و گۆم و بەربەستی سروشتی و دەستكردی لەسەر دەبینرێت (غفور، ٢٠٠٨، ٢٨)، كە بایەخی گەشتوگوزاریی بانەكەیان زیاتر كردووە.

بانی پێنجوێن كەوتووەتە ناوچەی هەرێمی شێدارەوە، بەهۆی ئەوەی چیاكانی بەدارستانی چڕ داپۆشراون دەتوانرێت بۆ ئەنجامدانی چەندین جۆر چالاكی گەشتوگوزاری ژینگەیی وەك( خلیسكانی سەر بەفر، شاخەوانی، هەڵگەڕان بە چیادا، سەركێشی، هتد) بەكاربهێنرێت، سەرەڕای ئەم چالاكییانە گەشتیار دەتوانێت چێژ لە دیمەنی جوانی بەفرباریبن و ڕووەكی سروشتی و چەندین جۆر لە ئاژەڵ و باڵندەی كێوی ناوچەكە وەربگرێت، دەوڵەمەندیی ئەم بانە بە سەرچاوەی ئاویی وەك كانی و ئەستێڵ و جۆگە و گۆم چەندین پێگەی گەشتوگوزاریی گرنگی وەك( نۆبوك، سێكوان، سێچاكان) لە ناوچەكەدا دروستبوون و ساڵانە ژمارەیەكی زۆر گەشتیار سەردانیان دەكەن.

**سێیەم: ئاووهەوای گەشتیاری**: ئاووهەوا بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە ئاستی سودوەرگرتن لە بنەماکانی دیکەی گەشتوگوزار لەچوارچێوەی کەشوهەوایەکی گونجاودا دەستنیشان دەکات( الشرکسی و میلگان، ١٦٣)، ئەم ڕەگەزانە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە هەڵبژاردنی ئاراستەو کاتی گەشتەکاندا، بەلەبەرچاوگرتنی جۆری ئەو چالاکییە گەشتیارییانەی گەشتیار دەیەوێت ئەنجامیان بدات.

دەتوانین گرنگی و بایەخی ئاووهەوا لەسەر گەشتوگوزار لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو( عبدالمهداوي، ٢٠٠٥، ٣٨):

أ. هەندێك لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا وەك( بەفر، پلەی گەرمی مامناوەند، خۆرەتاو) دەبنە سەرچاوەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەشتوگوزار لەهەر ناوچەیەکدا.

ب. ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەبنە فاکتەری گەشەکردنی چالاکی گەشتوگوزاریی، بەشێوەیەك بەهۆی دابارینەوە ڕووەکی سروشتی و ژیانی کێوی و سەرچاوە ئاوییەکان دەبوژێنەوە.

ت. تەنها لەسایەی ئاووهەوایەکی گونجاودا بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەتوانرێت سود لە توانستەکانی دیکەی گەشتوگوزار وەربگیرێت، لەم ڕوانگەیەوە ئاووهەوای گەشتیاری بە ( ئاووهەوایەکی مامناوەند کە زستانی شێدار بێت و ژمارەی ڕۆژە خۆرەتاوەکانی زۆربن وهاوینێکی فێنك) پێناسەکراوە.

کلاوسن Clawson هەوڵیداوە باشترین ئاووهەوای گەشتیاری لە دەرەوەی ماڵ بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکات( حمەرشید، ٢٠٠٧، ٥٠):

أ. کەمیی یان دانەکردنی باران لە وەرزی گەشتیاریدا( مایس – ئەیلول).

ب. کەشێکی فێنك و ئارامبەخش.

ت. خۆر لە دەرەوە بێت و پلەی گەرما مامناوەند بێت.

ث. هەڵکردنی شنەبایەکی فێنك.

بۆ دەرخستنی کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەجیا باس لە کاریگەریی هەریەکەیان لەسەر تەندروستی و حەوانەی گەشتیار دەکەین لە ناوچەکەدا:

١. **تیشکی خۆر**: بە یەکێك لە ڕەگەزە ئاووهەواییەکان دادەنرێت کە کاریگەری دەکاتە سەر جوڵەو چالاکی گەشتیاری، ئەم کاریگەرییە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، تیشکی خۆر بە سەرچاوەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی چالاکی گەشتوگوزار دادەنرێت لەهەندێك لە هەرێمەکانی باکوری هەردوو کیشوەری ئەمریکا و ئەوروپادا( موسی، ١٩٩٧، ٣٠،)، ناوچەی لێکۆڵینەوە پشکی گەورەی بەردەکەوێت لەڕووی ژمارەی کاتژمێرە خۆرەتاوییەکانەوە، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا کە بڕەکەی دەگاتە ١٠ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، کەمترین بڕیش کەوتووەتە وەرزی زستانەوە کە تەنها ٤:٠٧ کاتژمێرە، خشتەی ٣.

خشتەی(٣) تێکڕای کاتژمێرە خۆراوییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ٢٠١٣-٢٠٢٣

| کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمووز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 4:07 | 4:06 | 5:02 | 5:07 | 6:07 | 7:09 | 10:08 | 10:00 | 9:09 | 9:03 | 6:07 | 6:02 |
| تێکڕای زستان ٤:٢٥ | | | تێکڕای بەهار ٦:٠٨ | | | تێکڕای هاوین ٩:٤٦ | | | تێکڕای پاییز ٧:٠٤ | | |

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بە تێڕوانین لە داتاکانی خشتەی ژمارە ٣ دەبینین تێکڕای کاتژمێرە خۆراوییەکان لە وەرزی گەشتیاریدا دەگاتە ٩:٣٠ کاتژمێر، ئەم بڕە لە تیشکی خۆر زیاترە لە ژمارەی کاتژمێرە خۆراوییەکانی هەندێك لە گرنگترین ناوچەو هەرێمە گەشتوگوزارییەکانی جیهان کە دەوڵەمەندن بە ژمارەی کاتژمێرە خۆراوییەکان وەك( ڕیڤێرای فەرەنسی ٩:٠٤، سەقەلیە ٩:٠٠) کاتژمێر(الخطاب، ١٩٩٨، ٢٢،).

٢. **پلەی گەرمی و شـــێ:** جەســـتەی مرۆڤ لەوپەڕی چالاکیدا دەبێت کاتێك پلەی گەرمییەکەی دەگاتە ٣٧ پلەی سـیلیزی، گۆڕانی ئەم پلەیە گۆڕانکاری لە جۆری هەسـتکردنیدا دروسـتدەکات، پلەی گەرمی بەرز و شـێی ڕێژەیی زۆر بێزاری و نارەحەتی لای گەشتیار دروستدەکەن، بۆیە گرنگە لەکاتی هەڵبژاردنی ئاراستەو کاتی گەشتەکاندا کاریگەریی ئەم دوو ڕەگەزە بەهەند وەربگیرێن( شـــلال، ٢٠١١، ٩١،)، لەم بارەیەوە پلەی گەرمی گونجاو بۆ حەوانەوەی مرۆڤ لەلای جفنی لە نێوان ١٥-٢٧ پلەی سـەدی خەمڵێنراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی خواسـتی تاکەکان بۆ پلەی گەرمای جیاواز، کاتێك پلەی گەرما کەمتر لە ١٥ و زیاتر لە ٢٧ بێت بێزاری لای گەشتیار دروستدەکات( موسی، ٩٩، ١٩٨٣)، خشتەی ژمارە ٤.

خشتەی (٤)تێکڕای پلەی گەرمی لە ویستگەی پێنجوێن ٢٠١٣-٢٠٢٣

| کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | تێکڕای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١,٣ | ٢,٤ | ٧,٣ | ١١,٧ | ١٧,٦ | ٢٤,٦ | ٢٨ | ٢٧,٤ | ٢٢,٥ | ١٦ | ٦,٣ | ٢,٨ | ١٤ |

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەشی ڕێنمایی کشتوکاڵی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

داتاکانی خشتەی ژمارە ٤ ئاماژەن بۆ:

أ. مانگەکانی( مایس، حوزەیران، ئەیلول، تشـــرینی یەکەم) بەپێی پێوەری جفنی گونجاون بۆ حەوانەوەی گەشتیار، چونکە پلەی گەرمییەکەیان دەکەوێتە نێوان (١٥-٢٧).

ب. بەهۆی دابەزینی پلەی گەرمییەوە لە مانگەکانی ( کانونی دووەم، شـــوبات، ئازار، نیســـان، تشـــرینی دووەم، کانونی یەکەم) گەشـتیاران ناتوانن هەسـت بە حەوانەوە و پشـوو بکەن، چونکە لەم مانگانەدا پلەی گەرمی دادەبەزێتە خوار ١٥ پلە، هەروەها تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە دەگاتە ١٤ پلەی سەدی و بەبێزارکەر دادەنرێت بەلای گەشتیارانەوە.

ت. تێکڕای پلەی گەرمی لە وەرزی گەشـــتیـاریدا دەگاتە ٢٤ پلەی ســـەدی، ئەم ڕێژەیە حەوانەوەی تەواو بۆ گەشتیاران دەستەبەر دەکات، بەهۆی ئەوەی کەوتووەتە نێوان ١٥-٢٧ پلەی سەدییەوە.

شێی ڕێژەیی کە پێکدێت لە بڕی هەڵمی ئاو لە هەوادا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر جۆری هەستکردن بە پشوو حەوانەوە، شێ لەگەڵ پلەی گەرمی پێکەوە کاردەکەنە سەر جەستەی مرۆڤ و پەیوەندییەکەیان پێچەوانەیە، بۆئەوەی گەشتیار هەست بە حەوانەوە بکات لەکاتێکدا پلەی گەرمی بەرز بێت پێویستە ڕێژەی شێ نزم بێت، کاتێك پلەی گەرمی نزم بێت پێویستە ڕێژەی شێ بەرز بێت(الراوی و سلیم، ١٩٩٣، ٣١٩،)، توێژەرانی بواری ئاووهەوای پراکتیکی یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە گونجاوترین شێی ڕێژەیی بۆ حەوانەوەی مرۆڤ لە نێوان( ٤٠٪-٦٠٪) بێت بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی پلەی گەرمی(علی، ٢٠١٤، ٥٨،)، بەپێی ئەم پێوەرە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ٩ مانگ ڕێژەی شێی گونجاو بۆ حەوانەوەی گەشتیار بەدیدەکرێت، خشتەی ژمارە ٥.

لە داتاکانی خشتەی ژمارە ٥ دا تێبینی دەکەین جگە لە مانگەکانی( تەموز، ئاب، ئەیلول) سەرجەم مانگەکانی دیکە لەڕووی شێی هەواوە بۆ حەوانەوەی جەستەی گەشتیار گونجاون بەپێی ئەو پێوەرەی دەڵێت مرۆڤ هەست بە حەوانەوە دەکات کاتێك شێی ڕێژەیی بەهاکەی لەنێوان(٤٠٪-٦٠٪) بێت.

خشتەی (٥)تێکرای مانگانەی ڕێژەی شێ لەناوچەی لێکۆڵینەوە ٢٠١٣-٢٠٢٣

| کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | جوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 66 | 63.3 | 59.3 | 57 | 52 | 40 | 36 | 33 | 37 | 50 | 60.4 | 61.7 |

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی،بەشی کەشناسی، تۆماری ڕۆژانە و ساڵانەی کەش و هەوا لەماوەی ساڵانی ٢٠١٣-٢٠٢٣ ،داتای بڵاونەکراوە.

بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی پلەی گەرمی گۆڕانکاری لەم هاوکێشەیەدا دروستدەبێت، بۆ دەستنیشانکردنی جۆری هەستکردنی مرۆڤ لەژێر بارودۆخی پلەی گەرمی و شێی ڕێژەییدا ثۆم Thom پێوەرێکی داناوە کە پشت بە هەردوو ڕەگەزی پلەی گەرمی و ڕێژەی شێ دەبەستێت، بەشێوەیەك کاتێك دەرەنجامی هاوکێشەکەی بکەوێتە نێوان( ١٥-٢٤) مروف هەست بە حەوانەوەی تەواو دەکات، لەکاتێکدا بەهاکەی لەم برە کەمتر یان زیاتر بێت مرۆڤ هەست بە نائارامی و بێزاری دەکات، ثۆم هاوکێشەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دارشت:

THI (DI) = T-0.55(1-H) (T-14.5)

لەکاتێکدا

THI= بەهای پارسەنگی پشوو

T= تێکرای پلەی گەرمی بە سیلیزی

H=ڕێژەی شێ

بەجێبەجێکردنی هاوکێشەی ثۆم لەسەر ویستگەی پێنجوێن دەبینین شەش مانگ گەشتیاران لەسایەی پلەی گەرمی و شێی هەاوادا هەست بە ئارامی حەوانەوە دەکەن، خشتەی ژمارە (٦).

خشتەی (٦) پارسەنگی حەوانەوە و پشوو لە ویستگەی پێنجوێن ٢٠١٣-٢٠٢٣

| کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2.6 | 4.5 | 8.9 | 12.3 | 16.8 | 21.4 | 23.3 | 17.5 | 19.8 | 15.4 | 7.8 | 5.3 |


سەرچاوە: توێژەران، بە پشتبەستن بە خشتەکانی ٤ و ٥.

وەکو لە خشتەی ژمارە ٦ دا دەردەکەوێت سەرجەم مانگەکانی وەرزی گەشتیاری حەوانەوەی تەواو یان حەوانەوەیەکی ڕێژەیی بۆ گەشتیاران دەستەبەر دەکەن، بەهۆی ئەوەی بەهاکەیان دەکەوێتە نێوان (١٥-٢٤)، لە مانگەکانی وەرزی زستاندا بەهۆی دابەزینی زۆری پلەکانی گەرماوە گەشتیاران هەست بە بێزاری دەکەن، شێوەی ژمارە ١.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شێوەی (١)بەهای پارسەنگی پشوو بەپێی پێوەری ثۆم




سەرچاوە: توێژەران بەپشتبەستن بە داتاکانی خشتەی ٦.

٣. **با**: شـــنەبایەکی هێواش و ئارامبەخش, کە خێراییەکەی لەنێوان ( ٣،٠-١،٥م/چرکە) دا بێت بۆ ئەنجامدانی بەشـــێکی زۆر لە چالاکییە گەشـــتیارییەکان لای زۆرێك لە توێژەرانی بواری جوگرافیای گەشـــتوگوزار بەپەســـەند دادەنرێت.

بەتێڕوانین لە داتاکانی خشتەی ژمارە (٧) دەبینین تێکراکانی خێرایی با لە ویستگەی پێنجوێن لەسەرجەم مانگەکاندا دەکەوێتە نێوان ئەو پۆلێنەی, کە بۆ حەوانەوەی گەشتیار بەپەسەند دادەنرێت.

خشتەی (٧)تێکرای مانگانەی خێرایی با لە ویستگەی پێنجوێن ٢٠١٣-٢٠٢٣ بە م/چرکە

| کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3.1 | 2.1 | 3.6 | 4 | 3.9 | 3.7 | 3.6 | 3.9 | 3.9 | 3.4 | 3.1 | 2.9 |

شەماڵ علی مارف، کاریگەریی توانستە گەشتوگوزارییەکان لەسەر گەشەی ئابوری لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤، ل ٨١.

٤. **چڕبوونەوە و دابارین:** ســـەرجـەم شـــێوەکانی داباڕین ( بـەفر، باران، تـەرزە) لە نـاوچـەی لێکۆڵینـەوەدا بەدیدەکرێن، بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ جگە لە بەفر ســـەرجەم جۆرەکانی دیکەی داباڕین بۆ ئەنجامدانی چالاکییە گەشتیارییەکان بە نێگەتیڤ دادەنرێن، ساڵانە بڕێکی زۆر بەفر لە ناوچەکەدا دەبارێت و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، بۆنموونە لەســـاڵی ٢٠٠٤ دا لە ویســـتگەی کەشـــناســـی پێنجوێندا بڕی ١٧٠ ســـم و لە ٢٠٠٥ دا بڕی ٢٧٩ ســـم بەفر بارین تۆمارکراوە، خشتەی ژمارە ٨.


ئەگەر سەرنجی خشتەی ژمارە (٨) بدەین دەبینین بڕی بەفربارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کەش و هەوای ناوچەکە و جیهاندا ڕوویانداوە ساڵ لەدوای ساڵ بڕی بەفر بارین بەرەو کەمبوونەوە ڕۆشتووە، شێوەی ژمارە (٢).

خشتەی (٨)بڕی بەفری باریو لە ویستگەی پێنجوێن بە سم

| 2010 | 2009 | 2008 | 2007 | 2006 | 2005 | 2004 | 2003 | 2002 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 47 | 77.5 | 124 | 51 | 123 | 279 | 170 | 111 | **191** |

سەرچاوە: ڕێباز لقمان مصطفی، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانیGIS ، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل٤٦.

شێوەی (٢) بڕی بەفری باریو لە ویستگەی پێنجوێن بە سم




سەرچاوە: توێژەران بەپشتبەستن بە خشتەی ٨.

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانرێت سود لە دیاردەی بەفربارین وەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری زستانەیی و گرنگی بە ئەنجامدانی چالاکییەکانی خلیسکانی سەر بەفر و چادرگەی دیدەوانی و سەرکێشی و وێنەگرتن و پیاسەکردن لە ناو بەفر و شەڕەتۆپەڵ و هتد بدرێت، هەروەها بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەفربارین کاریگەریی لەسەر جوانکردنی دیمەنی ناوچە گەشتیارییەکان و بوژانەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و سەوزکردن و گەشەکردنی ژیانی کێوی لەهەر ناوچەیەکدا هەیە.

سەبارەت بە بارانبارین, ناوچەی توێژینەوە بەیەکێك لە قەزا باراناوییەکانی پارێزگای سلێمانی دادنرێت، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بەرزیی لە ئاستی ڕووی دەریاوە، تێکڕای بارانی ساڵانەی دەگاتە زیاتر لە ١١٠٠ملم، خشتەی (٩).

خشتەی (٩) تێکڕای مانگانەو ساڵانەی بارانبارین بە ملم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ٢٠١٣-٢٠٢٣



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | تێکڕای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١٣,٤ | ٢٠٦ | ١٥٥,٥ | ١٢١ | ٤٤,٣ | ٤,٦ | ٤,١ | ٥,٣ | ٤,٤ | ٦٣,٣ | ١٢٦,٢ | ١٥٦,٧ | ١١٠٤,٨ |


حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە.

بەتێڕوانین لە داتاکانی خشتەیی ژمارە (٩) دەتوانین تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

أ.   بڕی باران بارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە وەرزی گەشـتیاریدا تەنها ٦٢,٧ ملمە، واتە نزیکەی ٠,٤ملم بۆ هەر ڕۆژێك، وە بەراورد بە تێکڕای بارانی ساڵانە تەها ڕێژەی ٥,٦٪ ی دابارین دەکەوێتە وەرزی گەشتیارییەوە، لێرەدا کەمی ژمارەی ڕۆژە باراناوییەکان یارمەتی گەشـتیار دەدات کە زۆرترین چالاکی گەشـتوگوزاریی لە کەشـوهەوایەکی کراوەدا ئەنجام بدات، شێوەی ژمارە ٣.

ب.   بەرزیی تێکڕای بارانی سـاڵانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا یارمەتی بوژانەوەی سـەرچاوە ئاوییەکان و دەوڵەمەندکردنی ناوچەکە لەڕووی ڕووەکی سـروشـتی و ژیانی کێوییەوە دەدات، ئەمەیش بە فاکتەری بەهێزی ڕاکێشانی ئەو گەشتیارانە دادەنرێت کە ئارەزووی ئەنجامدانی جۆرە جیاوازەکانی گەشتوگوزاری ژینگەییان هەیە.


شێوەی (٣)تێکڕای مانگانەی بارانبارین بە ملم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ٢٠١٣-٢٠٢٣




سەرچاوە: توێژەران بەبەکارهێنانی داتاکانی خشەی ٩.

**چوارەم: دەرامەتە ئاوییەکان**: پلەی گرنگی دەرامەتە ئاوییەکان لەڕووی گەشتیارییەوە پەیوەستە بەچەندین فاکتەری وەك( بڕو جۆری ئاوەکان،شوێنی جوگرافی، تایبەتمەندی و توانای سودلێوەرگرتنیان) بەتایبەت ئەگەر خزمەتگوزارییەکانی گەیشتن پێیان و پیادەکردنی چالاکییە ئاوییەکان بۆ گەشتیاران فەراهەمبکرێت(ڕشید، ٢٠٠٨، ١٠٤و١٠٥).

نەخشەی (٤) ئاوی سەرزەوی لە قەزای پێنجوێن




سەرچاوە: توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی.Arc GIs 10.3

سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهاتوون لە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی، ئاوی ژێرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە چەندین چەم و لقی هەمیشەیی وەك( چەمی شلێر، جۆگەسور، قزڵجە)و چەمە وەرزییەکانی وەك( چەمی دارۆخان، چەمی وێنە، چەمی نزارە، قەلەندەراوا، قسامەدین، دۆڵەسور) و چەندین چەمی دیکە پێکهاتوون.

چەمە وەرزییەکان بەزۆریی دەکەونە بەشی باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە و ئاوەکانیان لە چیاکانی سێرستان و بەردەسپی و شێخ حسن و تەڕە تولوو و وشکە تولوو سەرچاوە دەگرن (مصطفی، ٢٠١٦، ٥٥)، نەخشەی ژمارە (٤).

ئاوی ژێرزەوی بەگشتی ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لەنێوان خاك و چینەبەردەکانی ژێرزەویدان (طالباني، ٢، ٢٠٠٩)، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە گەنجینەیەکی فراوانی ئاوی ژێرزەوی هەیە کە بەگەنجینەی پێنجوێن ناسراوە، ڕووبەرەکەی دەگاتە ٩٠ کم٢، بەرزییەکەی لە ئاستی ڕووی دەریاوە ١٣١٠م دەبێت و بەچەندین لوتکەچیا دەورەدراوە، ئاوەکەی سازگارە و لەکاتی بەکارهێنانیدا پێویستی بە پاڵاوتن و زیادکردنی هیچ پێکهاتەیەکی دیکە نییە (عزیز، ٢٠٠٧، ١٦٥).

لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا چەندین کانی و کارێز و بیر بەدیدەکرێن کە بەشێوەی یەکسان دابەشنەبوون و چەندین ئاوەدانی و گوند و شارۆچکە و پێگەی گەشتیاری لە دەوریان دروستبوون، ئەگەر سەیری داتاکانی خشتەی (١٠) بکەین دەبینین سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەی یەکسان بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەکەدا دابەشنەبوون، بەشێوەیەك زۆرترین ژمارەی کانی و بیرەکان کەوتوونەتە ناحیەکانی گەرمك و پێنجوێنەوە،لەهەمانکاتدا ڕێژەی ٧٠٪ ی کارێزەکان کەوتوونەتە ناحیەی ناڵپارێزەوە.

خشتەی (١٠) دابەشبوونی کانی و کارێز و بیرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

| ناحیە | کانی | | کارێز | | بیر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | رێذةي سةدي | ذمارة | رێذةي سةدي |
| ناڵپارێز | ٢١٤ | ٣٥,٢ | ٣٥ | ٧٠ | ٨ | ١٥ |
| پێنجوێن و گەرمك | ٣٩٤ | ٦٤,٨ | ١٥ | ٣٠ | ٤٦ | ٨٥ |
| کۆ | ٦٠٨ | ١٠٠% | ٥٠ | ٪١٠٠ | ٥٤ | ٪١٠٠ |


سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای پێنجوێن،زانیاری بڵاونەکراوە.

بوونی ٧١٢ کانی و کارێز و بیر یارمەتی دروستبوونی چەندین ناوچەی گەشتوگوزاری وەك( بلکیان، گۆڵێ، سێچاکان، نۆبوك) ی داوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

**پێنجەم: ڕووپۆشی ڕووەکی:** لە سەردەمی ئێستا و لە جیهاندا گرنگیدان بە ڕووەکی سروشتی و ژیانی کێوی لە پەرەسەندندایە، زۆر لە دەوڵەتانی جیهان هەوڵی پاراستنی ئەم دەرامەتە سروشتییە و دروستکردنی پارێزراوی سروشتی Natural Park دەدەن (ڕشید، ٢٠٠٧، ٩٦).

مەبەست لە ڕووەکی سروشتی هەموو جۆرەکانی دارستان و دەوەن و گژوگیایە، کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە سەرجەمیان بەدیدەکرێن، نەخشەی ژمارە ٥، دارستانەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی گەشتوگوزاری ژینگەییدا، چونکە خۆیان دەبنە پێگەیەکی گەشتیاریی بۆ ئەم جۆرەی گەشتوگوزار و لەهەمانکاتدا لە وەرزی هاویندا بەهۆی سێبەرەکانیانەوە کەشێکی فێنك بۆ گەشتیاران دەستەبەر دەکەن، هەروەها لە وەرزی زستانیشدا پارێزگاری لە پلەی گەرمی خۆیان دەکەن بەراورد بە ناوچە کراوەکانی دەوروپشتیان (تۆفیق، ٢٠١٢، ٥٥).

نەخشەی (٥) ڕووەکی سرۆشتی لە قەزای پێننجوێن




سەرچاوە: توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی.ARC GIS 10.3

چڕی و قەبارەی دارستانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پەیوەستە بە قوڵی خاك و بڕی داباریین و پلەی گەرمی و پلەی لێژی و بەرزییان لە ئاستی ڕووی دەریا و ئاراستەیان بەڕووی بای شێداردا، دارستانی لاپاڵەکانی خۆرهەڵات بە راورد بە دارستانی بەشی خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوا چڕترن (تالب، 1999، ١٠٨).

بەهۆی فاکتەرەکانی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بەرزیی لە ئاستی ڕووی دەریا و داباریینی زۆر ڕووبەری ٧٣٪ ناوچەی لێکۆڵینەوە کە دەکاتە ٣٠٤٢٠٥ دۆنم بە دارستانی سروشتی داپۆشراوە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری)، ئەمە بە فاکتەرێکی بەهێزی پەرەسەندنی گەشتوگوزاری ژینگەیی دادەنرێت لەناوچەکەدا.

بەشێکی زۆری دارستانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە داربەڕوو پێکهاتوون لەگەڵ دارەکانی( مازوو، قەزوان، چوالە کێویلە، گوێژ، سنەوبەر، سماق، بی، چنار و هتد....) لەگەڵ چەندین جۆر لە دەوەنی وەك ( بەلەك و بەلاڵوك و هتد...)، لە ناوەندی ئەم درەختانەدا چەندین جۆر گژوگیای بەهارەی بەسود دەڕوێن، کە خەڵکی بەمەبەستی خواردن و بەبازاڕکردنیان ڕوو لە ناوچەکە دەکەن و کۆیاندەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جۆر گوڵ و گژوگیای وەك ( وەنەوشە، گوڵەباخ، ڕازیانە، گوڵەهێرۆ، بەیبون،ڕیحانە چنور،شیلان، یاسەمین، نێرگز) دەڕوێن کە بۆنوبەرامە و دیمەنی جوان بە ناوچەکە دەبەخشن بەتایبەت لە وەرزی بەهاردا، لەم ڕوانگەیەوە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بەمەبەستی چێژوەرگرتن لە دیمەنەکانیان و کۆکردنەوەیان بەمەبەستی دروستکردنی بۆن و دیاری دەرمانی کوردەواری کۆیاندەکەنەوە.

هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە پێگەیەکی گرنگی پێشوازیکردن لەو کەسانەی بەمەبەستی کۆکردنەوەی گیابەهارییەکانی وەك ( کنگر، ڕێواس، گێلاخە، پیچك ...هتد) سەردانی دەکەن.

**شەشەم: ژیانی کێوی**: بوونی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و زیندەوەرە ئاوییەکان یارمەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی Eco Tourism بەهەردوو جۆری سەوز و شین(Green and Blue tourism) دەدات لە هەر ناوچەیەکدا.

دەتوانین ژیانی کێوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین ( مصطفی، ٢٠١٦، ٦٤-٦٧):

١. خشۆکەکان: وەك مار ومارمێلکە، کە لەڕووی گەشتیارییەوە ڕۆڵی نەرێنی دەبینن، چونکە دەبنە هۆی دروسکردنی مەترسی لەسەر ژیانی گەشتیاران.

٢. ئاژەڵی کێوی: ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی کێوی بەهەردوو جۆری گیاخۆر و گۆشتخۆری وەك ( ورچ، بەراز، چەقەڵ، ڕێوی، گورگ، کەروێشك، سیخوڕ، چالاکە، بزنەکێوی، سمۆرە، ژیژك، ئاسك، پشیلە کێوی و هتد...) لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەدیدەکرێن، ئەم ئاژەڵانە و چەندین جۆری دیکە بە فاکتەری بەهێزی سەرنجڕاکێشانی ئەو گەشتیارانە دادەنرێن کە بەمەبەستی ئەنجامدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی ڕوو لە ناوچەکە دەکەن، چونکە کاتێك گەشتیار سەردانی ناوچەیەك دەکات ئارەزووی بینینی ئەو ئاژەڵ و ڕووەك و باڵدانە دەکات کە بەشێوەیەکی سروشتی لە ناوچەکەدا ئەژین.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣. باڵندە: باڵندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهاتوون لە هەردوو جۆری هەمیشـەیی و کۆچەریی، لە باڵندە کۆچەرییەکان ( حاجی لەقلەق، ڕیشـۆڵە، بەفرخۆر، پەپوسـلێمانە و ...هتد) و باڵندە هەمیشـەییەکانی وەك ( پۆڕ، کەو، سـوێسـکە، دارکونکەرە ...هتد) لەناو دارسـتان و قەراغ چەم ڕوبارەکان و سـەرجەم ناوچەکانی دیکەی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەدیدەکرێن، ئەم باڵندانە لەگەڵ ئەوەی بە چەندین ئاواز و سـومفۆنیا گوێی گەشـتیاران ئاوێزان دەکەن، هەروەها بینینیان چێژ و خۆشییەکی بێوێنە بە گەشتیاران دەبەخشن.

٤. سـامانی ماسـی: ژمارەیەکی زۆر لە پۆلی جیاوازی ماسـیی لەناو چەم و جۆگەو گۆم و ڕووبارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەژین، ئەم ماسـییانە بە هاندەرێکی باش بۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی ئەو گەشـتیارانە دادەنرێن کە چێژوخۆشـی لە سـەیرکردن و ڕاوکردنی ماسـی و زیندەوەرە ئاوییەکان دەبینن، سـەرەڕای چەم و جۆگە و گۆمە سروشـتییەکان لە چەندین شـوێن حەوزی بەخێوکردنی ماسـی لەسـەر ڕووبارەکانی ( پێنجوێن، جۆگەسـور، قزڵجە، سـوراو) دروستکراون( سـەردانی مەیدانی، ٢٠٢٥/٧/١٣)، لەهەمان پێگەیشـدا ماسـی بۆ گەشـتیاران دەبرژێنن، بوونی خزمەتگوزارییەکانی خواردن و خواردنەوە بەفاکتەرێکی بەهێزی ڕووتێکردنی گەشـتیار دادەنرێن بۆ ناوچە گەشتیارییەکان.

توانستە سروشتیەکان بە فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەشتوگوزاریی ژینگەیی دادەنرێن لەهەر ناوچەیەکی جیهاندا، دەوڵەمەندیی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەم توانستانە وایکردووە ناوچەکە ببێتە پێگەیەکی گرنگی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عیراقیشدا.

**حەوتەم: دانیشتوان**: بوونی ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا, کە ژمارەیان لە (٥١٧١١) کەس تێپەڕناکات ئەویش بەهۆی ئەوەی نزیکەی سێ بەشی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لە چیا پێکهاتووە ئەمەیش بە مانای کەمی دانیشتوان دێت کە چڕیی نیشتەجێبوون تەنها ٤٧ کەسە لە یەك کیلۆمەتر چوارگۆشەدا ( مارف، ٢٠٢٤، ١١٤)، چونکە لە ناوچە شاخاوییەکان بەهۆی ئاستەنگ لە دروستکردنی باڵەخانەو دامەزراوە و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی ژێرخانی ئابوری و کەمی سەرچاوەکانی داهات ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوان دەتوانن لەم پێگانەدا نیشتەجێ بن، بەشێوەیەکی گشتی ئەو ناوچانەی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی تۆبۆگرافی و ئاووهەوای گونجاویان هەیە لەبارن بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی.

**هەشتەم: چالاکییەکانی دانیشتوان**: بەهۆی ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە خاکێکی بەپیتی هەیە بۆ کشتوکاڵکردن بە تایبەت لە بانی پێنجوێن و دەشتی نێوان دۆڵ و چیاکان، ڕێژەی زیاتر ٢٠٪ دانیشتوان بە کاری کشتوکاڵکردنەوە خەریکن (مصطفی، ٢٠١٦، ٨٤)، ئەمەیش وایکردووە ناوچەکە ببێتە بنکەیەکی کشتوکاڵی گرنگ و لە بەرهەمهێنانی ( تەماتە، بیبەر، شوتی، کاڵەك) و چەند جۆرێکی تر ببێتە پێشەنگ، بەم هۆکارە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بەمەبەستی کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان و کڕینەوەی بەرهەمی جوتیاران و وەرگرتنی ئەزموون و چێژوەرگرتن سەردانی ناوچەکە دەکەن، لە ئەنجامدا بە توانستەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی ئاشنا دەبن و ڕەنگە دووبارە و چەندبارە سەردانی ناوچەکە بکەنەوە و ببنە ویستگەیەك بۆ ناساندنی ناوچەکە بە هاوڕێ و خزم و کەسانی دیکەیان.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەگەرچی ژمارەی دروستی پارك و خانوو و ڤێللا گەشتیارییەکان بەردەست نین، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی ژینگەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، چونکە ئەم پێکهاتانە بەشێکن لە گرنگترین داواکاری ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەر ناوچەیەك دەکەن، بوونی پارکی ئەلیاسەفرە لە ناوەندی پێنجوێن و دروستکردنی چەندین خانوو و ڤێللای گەشتیاری لە بەشێکی زۆری ناوچە گەشتیارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە یارمەتیدەرن لە دەستەبەرکردنی شوێنی حەوانەوە و کاتبەسەربردنی ئەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەکە دەکەن.

**نۆیەم: ئەشکەوت و پێگە مێژوویی و ئاینییەکان:** بەهۆی دەوڵەمەندی قەزای پێنجوێن بەسەرچاوەی ئاوی و بەپیتی خاك و چڕی دارستانەکانی هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەدێرزەمانەوە لانکەی چەندین شارستانیەت بووە، خاوەنی چەندین شوێنی مێژوویيە کە بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین، لە ساڵنامەی سلێمانی لە ساڵی ۱۹۹۹ دا ناوی ۲۸ شوێنەواری مێژوویی و شارستانی ناوچەکە تۆمارکراون و مێژووەکەیان بۆ سەردەمەکانی ( چاخی بەردین تا دەگاتە سەردەمی ئیسلام) دەگەڕێتەوە، پێکهاتوون لە گرد و قەڵا و ئەشکەوت و ...هتد (جمهورية العراق، وزارة الثقافة والاعلام، مديرية الاثار العامة، المواقع الاثرية في العراق، مطبعة الحكومة، بغداد، ۱۹۷۰، ص ٥).

قەڵای کچێ و قەڵای بێستان و قەڵای زەنگیسەر و قەڵا جافان و ئارامگەی قانعی شاعیر لە گوندی لەنگەدێ لە دۆڵی شلێر لە گرنگترین پاشماوە مێژووییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەن، نەخشەی ژمارە ٦، بەشێکیان بەهۆی گونجاوی پێگەکەی و بوونی ڕێگای گونجاو ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار سەردانیان دەکەن، هەروەها بەشێك لەم شوێنە مێژووییانە بەهۆی نەبوونی ڕێگای گونجاو و خاپوربوون و لەناوچوونی بەشێکیان تا ئێستا بایەخی گەشتیاریی ئەوتۆیان نییە.


مەزار و شوێنە ئاینییە پیرۆزەکان بە یەکێکی دیکە لە توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار دادەنرێن بەشێوەیەکی گشتی، بیروباوەڕ و ڕێباز و تەریقەتی ئاینیی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیش لە قەزای پێنجوێندا پەیڕەوانێکی هەیە و بەشێکیشیان بوون بەهۆی ڕاکێشانی ژمارەیەك گەشتیار بۆ ناوچەکە، مەزارەکانی شێخانی تەڕاتەوەن و چوێسەو حاجی ئەلیاسەفرە و مەلا عبدالرحمنی گەورەی پێنجوێنی لە گرنگترین ئەو ئەو پێگە ئاینییانەن کە هەوادارێکی زۆریان هەیە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بەمەبەستی بەشداریکردن لە بۆنەو و یادکردنەوەکان و مەراسیمی بەئەنجامگەیاندنی هەندێك لە دابونەریتە ئاینییەکان سەردانی ناوچەکە دەکەن.

شایانی ئاماژەپێکردنە جگە لەو توانستانەی باسکران ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین توانستی دیکەی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییە، بۆ نمونە توانستە یارمەتیدەرەکانی سەرخان و ژێرخانی ئابوری کە خۆیاندەبیننەوە لە کارەبا و ۳۳ دامەزراوەی تەندروستی و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل و ڕێگاوبان و لایەنی ئاسایش و سەلامەتی گەشتیاران، کە بەهەموویانەوە کەشێکی لەبار بۆ گەشتیاران لەناوچەکەدا دەڕەخسێنن.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نەخشەی (٦) پاشماوە مێژوویی و شارستانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: ڕێباز لقمان مصطفى، توانستەجوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەقەزای پێنجوێن بەبەکارهێنانیGIS ، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل ٩١.


**باسی سێیەم: پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی بەپشتبەستن بە شیکارکردنی دەرەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی:**

بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی تایبەت بەم بابەتە توێژینەوەکە پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی Google Form بەستووە، کە فۆرمەکە لەلایەن ١٢٥ بەشداربوو لە کەسانی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری جوگرافیای گەشتوگوزا و پەرەپێدانی ئابوری گەشتیاری و پلاندانانی گەشتیاری وەڵامدراوەتەوە.

پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوون، بەشی یەکەم خۆیدەبینێتەوە لە هەندێك پرسیاری تایبەت بە بایۆگرافی بەشداربووان و بەشی دووەمیش بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای پێنجوێن تەرخانکراوە.

لەسەرەتادا بەهۆی گرنگی بابەتەکە و پەیوەندی بە باگراوندی ئەکادیمی و زانستی بەشداربووان پرسیار لە ئاستی خوێندن کراوە، بەشێوەیەك نزمترین بڕوانامە کە ڕێگەی پێدرابێت بەشداری ڕاپرسییەکە بکات دبلۆمی باڵا بووە و ڕێژەی ١٦٪ ی بەشداربووانیان پێکهێناوە، بەرزترین ڕێژەی بەشداربووانیش بەر هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر کەوتووە کە پێکهاتوون لە ٤٥ کەس و ٣٦٪ ی کۆی بەشداربووانیان پێکهێناوە، شێوەی ژمارە (٤).

شێوەی (٤) ئاستی بڕوانامەی بەشداربووان





سەرچاوە: توێژەران بەپشتبەستن بە پاشکۆی ژمارە ١.

لە بڕگەی دووەمدا پرسیار لە تەمەنی بەشداربووان کراوە، بەهۆی ئەوەی بڕوانامە کراوە بە پێوەر بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپرسییەکە، تەنها ڕێژەی ١٦٪ ی بەشداربووان تەمەنیان لەنێوان ١٦ بۆ ٣٠ ساڵیدایە و ڕێژەی ٤٪ یشیان تەمەنیان لەسەر و پەنجا ساڵییەوەیە، زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان بەر ئەو گروپە کەوتووە کەتەمەنیان لەنێوان ٣١ بۆ ٤٠ساڵیدایە و ڕێژەی ٦٨٪ی بەشداربووانیان پێکهێناوە، لەکۆی هەموو بەشداربووان ڕەگەزی نێر ڕێژەی ٧٢٪ و ڕەگەزی مێ تەنها ڕێژەی ٢٨٪ ی بەشداربووانن، سەربارەت بە باری خێزانی بەشداربووان زۆرینە کە دەگاتە ڕێژەی ٦٤٪ سەڵتن و ڕێژەی ٣٦٪ یان خێزاندارن، پاشکۆی ژمارە ١.

بەشی دووەمی ڕاپرسییەکە تایبەتە بە وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی بەشداربووان لەسەر گرنگی و تایبەتمەندیی توانستەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییدا، بەشێوەیەك کە دوازدە پرسیاری پێنج وەڵامی و پرسیارێکی دیکەی فرەڕەهەند ئاراستەی بەشداربووان کراوە.

شێوەی (٥) بۆچوونی بەشداربووان لەسەر پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای پێنجوێندا




سەرچاوە: توێژەران بە پشتبەستن بە پاشکۆی ژمارە ١.




***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەگەر سەیری پاشکۆی ژمارە ١ بکەین دەبینین زۆربەی بەشداربووان لە پرسیارە پێنج وەڵامییەکان زیاتر وەڵامە ئەرێنییەکانیان هەڵبژاردووە، بۆ نمونە ڕێژەی ٧٦٪ ی بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ دەوڵەمەندیی قەزای پێنجوێن بە توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، لە کاتێکدا تەنها ١٢٪ ی بەشداربووان بۆچوونی پێچەوانەیان هەیە و ١٢٪ یشیان بێلایەن بوون لە ئاستی ئەم پرسیارەدا، شێوەی ژمارە ٥.

لە شێوەی ژمارە ٥ دا دەبینین کێڵگەکانی مین و تەقەمەنی لە لایەن ڕێژەی ٧٢٪ ی لە بەشداربووان  بە یەکێك لە گەورەترین مەترسییەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار دادەنرێت لە ناوچەکەدا، هەروەها کاتێك باسی ئاستی ئاسانکاری و حزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی ناوچەکە دەکرێت زۆرینە پێیان وایە لە ئاستێکی لاوازدان و پێویستە گرنگی وپاتریان پێبدرێت، لەکاتێکدا باسی گرنگی داتا و نەخشەسازی لە پلاندانان بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا دەکرێت ڕێژەی ٣٢٪ ی بەشداربووان بێوەڵام بوون و ٢٠٪ یشیان بەلایانەوە گرنگ نەبووە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەشێکی زۆری بەشداربووان بۆ پەرەپێداتی گەشتوکوزاری ژینگەیی لە قەزاکەدا پێیان وایە پێویستە هەمەئاهەنگی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا بکرێت و ڕێگە لە پیسکردنی ژینگە و ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان بگیرێت.

لەکۆتا پرسیاردا بەشداربووان سەرپشککراون لە دەستنیشانکردنی ئەو توانستەی کە بەلایانەوە گرنگترینە لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییدا، لە وەڵامدا ٤٤٪ یان دیمەنی سرۆشتی و دەوڵەمەندیی قەزاکە بە چیای پێچ ئاڵۆزیان هەڵبژاردووە، شێوەی ژمارە ٦.

شێوەی (٦) گرنگترین توانستەکانی پەرەپێدانی ئیکۆتۆریزم لە قەزای پێنجوێن




سەرچاوە: توێژەران بە پشتبەستن بە پاشکۆی ژمارە ١.

لە شێوەی ژمارە شەشەوە ڕووندەبێتەوە شاخ و دیمەنە سروشتییەکان و ئاووهەوای مامناوەند و فێنك لە وەرزی هاویندا لە گرنگترینی  ئەو توانستانەن بۆ پەرەپێدانی گەشتوکوزاری ژینگەیی لە ناوچەکەدا بەدیدەکرێن.

**ئەنجام:**

١. کەش و هەوای گونجاو و جوانی سروشتی شاخاوی قەزای پێنجوێن و پلەی گەرمی مامناوەند و فێنك لە هاویندا لە گرنگترین توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری زینگەیین لە ناوچەکەدا، هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مین و تەقەمەنی و داپۆشینی ڕووبەرێکی فراوانی قەزاکە بە گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پەرەپێدانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار دادەنرێن، چونکە مەترسی لەسەر ژیان و سەلامەتی گەشتیار دروستدەکەن.

٢. گرنگینەدان بە بنەماکانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن و بەرەوپێشـنەچوونی بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابوورییەی، کە هەرێم پێیدا تێدەپەڕێت، هەروەها لاوازی وەبەرهێنانی حکومەت لەم کەرتەدا و جێهیشتنی پرۆژەکانی بۆ کەرتی تایبەت، کە لە بەرامبەردا ڕۆڵی سنورداره لە واقیعی بەرەوپیشچوونی گەشتوگوزاردا بەهۆی کەمی ئەزموونی لەم بوارەدا و ئامانجەکەی، کە قازانجە لەسەر حیسابی پەرەپێدانی کەرتەکە، بەمجۆره بەشداری نەکردوە لە پەرەپێدانی پرۆژە گەشتیارییەکان، هەروەها دۆخی ناوچەکە کە ناوچەی پرۆسە سەربازییەکان بوو لە جەنگی عێراق- ئێراندا، کە بووە هۆی وێرانکردنی چۆڵبوونی، لەگەڵ نەبوونی پلانی ڕوون بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە پارێزگاکە بەتایبەت لە ساڵانی دوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣.

٣. خستنەڕووی گەشتوگوزاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەرزی نیە (لە وەرزە جیاوازەکاندا بەپێی داواکاری گەشتیاران نییە)، بەهۆی دۆخی ئاووهەوای ناوچەکە، بەو پێیەی دەتوانرێت لە وەرزی بەفربارینداگەشتوگوزاری زستانە ئەنجام بدرێت (چێژبینین لە دیمەنی بەفر و ئەنجام دانی یارییە زستانەکان) و گەشتوگوزاری هاوینە دابمەزرێت بەهۆی ئەوەی بارودۆخی ئاووهەوا گونجاوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە وەرزی هاویندا.

٤. فراوانی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە و کەمی ژمارەی دانیشتوان و جۆراوجۆری تۆبۆگرافیای ناوچەکە و بوونی ڕووبەرێکی فراوانی ڕووەکی سروشتی و دارستان و ژیانی کێوی بە فاکتەرێکی بەهێزی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی Eco-Tourism دادەنرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

**ڕاسپاردە:**

١. باشترکردنی ژێرخانی قەزاکە و پەرەپێدانی ئەو خزمەتگوزارییانەی تێیدا پێشکەش دەکرێن، هەروەها پەرەپێدانی دەروازەکانی چوونە ژوورەوەی بۆ ناو شار، بۆ ئەوەی وێنەیەکی سەرنج ڕاکیش ببەخشن بە گەشتیار، هەروەها پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە تەواوکەرەکانی تێدا بەتایبەت خزمەتگوزارییەکانی شوێنی مانەوە، لەڕێگەی دامەزراندنی هۆتێلی سەردەمیانە و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان ، کە پێشکەشی گەشتیار دەکرێت، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ ناوچەکە ڕابکێشن.

٢. خستنەڕووی بابەتەکانی گەشتوگوزار لە پەیڕەو و پرۆگرامی قوتابخانەکاندا، بەتایبەتی لە پارێزگاکان، کە شوێنی ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری گەشتیارن، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری گەشتیاری لای خوێندکاران بۆ دروستکردنی نەوەیەکی ئاگادار لە گرنگی گەشتوگوزار و ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری گەنجان.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣. گرنگیدان بە پەروەردەی گەشتیاری لەسەر ئاستی کۆلێژ و پەیمانگا و قوتابخانەکان، لەگەڵ دانانی میکانیزمێک، کە ئاراستەکردن بەرەو ئەم پەروەردەیە لەخۆبگرێت بەشێوەیەک گەرەنتی دەرفەتی فێرخواز بکات بۆ ڕاهێنانی کردەیی و ئارەزووی کارکردنی لە دامودەزگا گەشتیارییەکان لەداهاتوودا، لەگەڵ هاندانی ماددی و ئەخلاقی، ئەگەر بمانەوێت جوڵەی گەشتیاری بەرەوپێش ببەین.

٤. پێویستی جەختکردنەوە لەسەر بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی پەرەپێدانی گەشتوگوزار بە بیرۆکە بنیاتنەرەکانیان و چالاککردنی ئەم بیرۆکانە، جگە لە فراوانکردنی چەمکی توانستی گەشتوگوزار بۆ ئەوەی لە لایەنی ئابووری تێپەڕێت بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ژینگەیی و مەعریفی، بۆ ئەوەی بەشداریی کەرتەکە لە پەرەپێدان فراوانتر و قووڵتر بێت.

٥. جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن و پێویستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی بۆ خستنەڕووی هەواڵ و بەرنامەکانی گەشتوگوزار بەتایبەتی ژینگەیی، بە شێوەیەکی داهێنەرانە و سەرنجڕاکێش بۆ تیشک خستنە سەر گرنگی گەشتوگوزار بە گشتی و گەشتوگوزاری ژینگەیی بەتایبەت.

**سەرچاوەکان**:


١. البارقي، شريفة بنت هيازع عبدالله، السلوكيات الترويحية للسياح القادمين من منطقة العسير الى محافظة جدة، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة الملك عبدالعزيز، المملكة العربية السعودية، ٢٠١١.

٢. جسام ، سعد رميض و اخرون، تنمية السياحة البيئية في اربيل بشمال العراق، مجلة كلية السياحة والفنادق، عدد ٧، يونيو، ٢٠٢٠.

٣. الجصاني، نسرين عواد و جواد ، زينب كاظم شكر، التنمية السياحة الطبيعية و استدامتها في محافظة نجف الاشرف، مجلة البحوث الجغرافية، العدد ٢١، ٢٠١٥.

٤. حمةرشيد، مازن محمد امين، السياحة في محافظة اربيل، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٧.

٥. الحميري، موفق عدنان، و الحوامدة، نبيل زعل، الجغرافية السياحية في القرن الحادي والعشرين، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

٦. الخطاب، نياز عبدالعزيز، التقيم الجغرافي السياحي لمناخ اقليم جبال كوردستان العراق، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة الصلاح الدين، اربيل، ١٩٩٨.

٧. الراوي، صباح، و سليم، ناجي، المقومات الطبيعية واثرها في التنمية والتطور السياحة في اهوار ومستنقعات جنوب العراق، مجلة التربية والعلوم في جامعة الموصل، البحوث الانسانية والتربوية، العدد ٢، ١٩٩٣.

٨. رشید ، هاوژین ئەحمەد، توانستەکانی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان و کاریگەری لەسەر دابەشبونی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی، ، ٢٠٢٣.

٩. سەرچاوەکان:

١٠. الشركسي، ونيس عبدالقادر، و ميلطان، زينب ادريس، السياحة الصحراوية في شعبية الواد الحياة، مجلة الساتل، جامعة ٧ اكتوبر، كلية الاداب، مصراتة، ليبيا.

١١. شريف ، مها سعيد، الابعاد المكانية لتنمية السياحية في محافظة مثنى، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة، مثنى، ٢٠٢١.




***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١٢. شلال، صلاح عدنان مجول، التحليل الجغرافي لامكانات السياحية البيئية في محافظة انبار، رسالة ماجستير، كلية التربية والعلوم الانسانية، جامعة انبار، ٢٠١١.

١٣. الصلوي ، عبدالجبار عبدالله، السياحة في اليمن، مطبوعات وزارة الثقافة و السياحة اليمنية بدون مطبعة، اليمن، ٢٠٠٤.

١٤. طالباني، ناهدة جمال، المياه الجوفية في منطقة مابين الزابين في العراق واستغلالها، مركز بخش للدراسات والنشر، مطبعة ياد، السليمانية، ٢٠٠٩.

١٥. الطيب، سعيد حقي الدين، مقومات التنمية السياحية في ليبيا،اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة القاهرة، ٢٠٠١.

١٦. عباس ،احمد يحيى عبد، تمثيل الكارتوكرافي لخدمات الماء و الطرق في مدينة النجف الاشرف بأستخدام GIS، أطروحة دكتورا، جامعة بصرة، ٢٠١٤.

١٧. عبدالمهداوي، طه احمد، امكانات العراق المناخية في استثمار السياحة الصيفية و الشتوية في شمال العراق، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الانبار، ٢٠٠٥.

١٨. عزيز، تحسين عبدالرحيم، التباين المكاني لمياه الينابيع في محافظة السليمانية، اطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٧.

١٩. علي، خالد ولي، المقومات السياحية في منطقة گرميان وافاقها المستقبلية، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية والرياضية، جامعة گرميان، ٢٠١٤.

٢٠. القدومى ، حسان احمد صالح، المقومات الطبيعية و دورها في تفعيل الحركة السياحية في بلدة بتير- دراسة تطبيقية في جغرافية السياحية-، بحث مقدم في المؤتمر الدولي العاشر تحت عنوان (التحديات الجيوفيزيائية و الاجتماعية و الطبيعية في بيئة متغيرة)، ٢٥-٢٦ تەمموز ٢٠١٩، اسطنبول، تركيا.

٢١. قيصي ، مطيع يوسف محمد، دراسة في جغرافية السياحية في منطقة اريحا و البحر الميت، رسالة ماجستير، جامعة نجاح الوطنية، فلسطين، ٢٠٠٠.

٢٢. قيصي، مطيع يوسف، دراسة في جغرافية السياحية في اريحا و بحر الميت، الجامعة النجاح الوطنية، عمادة الكلية الدراسات العليا، كلية الاداب، قسم الحغرافية، ٢٠٠٠.

٢٣. كريم ، ديلمان كامل، دابەشبونی جوگرافی و کاریگەرییە ژینگەییەکانی کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٢٤. مصطفى، ڕێباز لوقمان، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانی GIS، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦.

٢٥. موسى، علي حسن، المناخ والسياحة، ط١، دار الانوار للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٩٧.

٢٦. موسي، علي حسن، الوجيز في مناخ التطبيقي، ط١، المطبعة دار الفكر، دمشق، ١٩٨٣.

٢٧. النعيمي ، منتهى احمد محمد، مقترحات لتفعيل السياحة البيئية في العراق لأغراض التخطيط لتنمية السياحية المستدامة – دراسة تطبيقية-، Route Educational & Social Seience Journal، Volume 5 (13) December، ٢٠١٨.

٢٨. الهزيماوي ، هدى زياد عبدصالح، صناعة السياحة في قضائي الفلوجة والحبانية و مقوماتها التنموية، رسالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جامعة الانبار، ٢٠٢١.

٢٩. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی بەرایی ژمارەلێدان و گەمارۆی پارێزگای سلێمانی بەپێی قەزا و ناحیە و شارەوانییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە.

٣٠. نجم الدين، هدى صباح ، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافییەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای شەقڵاوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٢.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣١. امین، عبدالجبار صالح محمد، قەزای پێنجوێن لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سروشتی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٣٢. غفور، عبدالله، جوگرافیای کوردستان، چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەشی کەشناسی کشتوکاڵی، تۆماری مانگانەو ساڵانەی کەش و هەوا، زانیاری بڵاونەکراوە.

٣٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەشی دارستان، زانیاری بڵاونەکراوە.

٣٥. سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، ٢٠٢٥/٠٧/١٣.

٣٦. زەنگەنە، بشری قادر کریم، کاریگەری ئاووهەوا لەسەر جیاوازی بەکاربردنی ئاو بۆ بەرهەمهێنانی گەنم لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٣٧. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە.

٣٨. ڕشید، شیروان عمر، ڕۆڵی داهاتی ئاو لە پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە ١، ساڵی شازدەهەم، ٢٠٠٨.

٣٩. ڕشید، شیروان عمر، گەشتوگوزار و ژینگە، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە ٣، ساڵی پانزەهەم، ٢٠٠٧.

٤٠. تۆفیق، هەڵبەست عبدالرحمن، توانستە جوگرافییەکانی گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزارلە قەزای مێرگەسور، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، ٢٠١٢.

٤١. تالب، جەزا تۆفیق، ڕووەکی خۆڕسك، کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩.

## پاشکۆی ژمارە (١)

| ژ | جۆری بڕوانامە | کۆی بەشداربووان | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|
| پرسیاری یەکەم | | | | |
| ١ | دبلۆمی باڵا | ١٢٥ | ٢٠ | ١٦ |
| ٢ | بەکالۆریۆس | | ٣٥ | ٢٨ |
| ٣ | ماستەر | | ٤٥ | ٣٦ |
| ٤ | دکتۆرا | | ٢٥ | ٢٠ |
| کـــــۆ | | | ١٢٥ | ٪١٠٠ |

| ژ | تەمەن | کۆی بەشداربووان | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|
| پرسیاری دووەم | | | | |
| ١ | زیاتر لە (٥٠) ساڵ | ١٢٥ | ٥ | ٤ |
| ٢ | (٤١ _ ٥٠) | | ١٥ | ١٢ |
| ٣ | (٣١ _ ٤٠ ) | | ٨٥ | ٦٨ |
| ٤ | (١٦ _٣٠ ) | | ٢٠ | ١٦ |
| کـــــۆ | | | ١٢٥ | ٪١٠٠ |



JSH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| پرسیاری سێیەم | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ڕەگـەز | كۆی بەشداربووان | ژمارە | ڕێژە % |
| ١ | نـێر | ١٢٥ | ٩٠ | ٧٢ |
| ٢ | مـێ | | ٣٥ | ٢٨ |
| كـــــۆ | | | ١٢٥ | ١٠٠٪ |

| پرسیاری چوارەم | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | باری خێـــزان | كۆی بەشداربووان | ژمارە | ڕێژە % |
| ١ | خێزاندار | ١٢٥ | ٤٥ | ٣٦ |
| ٢ | سـەڵـت | | ٨٠ | ٦٤ |
| كـــــۆ | | | ١٢٥ | ١٠٠٪ |

| ژ | پرسیار | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێلایەنم | لەگەڵیدا نیم | بەتوندی دژیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قەزای پێنجوین دەوڵەمەندە بە پێکهاتە سروشتییەکانی ئیکۆتۆریزم (گەشتوگوزاری ژینگەیی) | ٤٥ | ٥٠ | ١٥ | ١٠ | ٥ |
| ٢ | ئەو کێڵگە مین و تەقەمەنییانەی لە شەڕی ئێران و عێراق ماونەتەوە کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر پەرەپێدانی ئیکۆتۆریزم هەیە | ٥٠ | ٤٠ | ١٥ | ٥ | ١٥ |
| ٣ | ژێرخانی گەشتیاریی قەزای پێنجوێن (ڕێگاوبان، پەیوەندییەکان، خزمەتگوزاری گشتی... هتد) لەچی ئاستێکدایە. | ١٠ | ٤٠ | ٤٥ | ٢٥ | ٥ |
| ٤ | لاوازی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی وەك (هۆتێل، چێشتخانە، ڕێبەری گەشتیاری و هتد) ڕێگرن لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییدا | ٣٠ | ٧٠ | ١٥ | ٥ | ٥ |
| ٥ | بەشداریکردنی کۆمەڵگەی ناوخۆیی لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئیکۆتۆریزمدا گرنگە؟ | ٤٠ | ٥٥ | ١٠ | ١٠ | ١٠ |
| ٦ | قەزای پێنجوین پێویستی بە پلانێکی حکومی یەکگرتوو هەیە بۆ پەرەپێدانی ئیکۆتۆریزم؟ | ٦٠ | ٣٥ | ٥ | ١٥ | ١٠ |


***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | داتای نەخشەسازی و زانیاری جوگرافیی پێویست بۆ پلاندانانی ئیکۆتۆریزم لە ناوچەکەدا بەردەستن | ٣٠ | ٢٠ | ٤٠ | ٢٥ | ١٠ |
| ٨ | نواندنی کارتۆگرافیی دەتوانێت بەشداریی بکات لە تیشک خستنە سەر توانای ئیکۆتۆریزم لە ناوچەی لێکرلێنەوەدا | ٤٠ | ٥٠ | ٢٥ | ٥ | ٥ |
| ٩ | پیسبوونی ژینگە، ڕاوکردن و لەوەڕاندنی بێسەرپەرشت، بڕینەوەی دارستانەکان و زیادەڕەوی بۆسەر ژینگە بەمەترسی دادەنرێن لەسەر پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەکەدا. | ٥٥ | ٤٠ | ٥ | ١٥ | ١٠ |
| ١٠ | کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پەرەپییێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییدا. | ٣٠ | ٧٥ | ٥ | ٥ | ١٠ |
| ١١ | پێویستە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دەستەی ژینگە و فەرمانگە حکومییە پەیوەندیدارەکانی تر ڕۆڵی سەرەکی ببینن لە پەرەپییێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییدا. | ٧٠ | ٣٥ | ٥ | ١٠ | ٥ |
| ١٢ | بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای پێنجوێندا پێویستە هەمەئاهەنگی هەبێت لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا. | ٦٠ | ٣٥ | ١٠ | ١٠ | ٥ |

| کام لەم پێکهاتانەی خوارەوە سەرنجڕاکێشترینە بۆ ئیکۆتۆریزم لە ناوچەکەدا؟ (ڕەنگە زیاتر لە بژاردەیەک هەڵبژێردرێت) | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|
| شاخ و دیمەنە سروشتییەکان | ٥٦ | ٣.٤٤ |
| ئاووهەوای مامناوەند لە وەرزی هاویندا | ٤٤ | ٣٥,٤ |
| بارینی بەفر | ١٤ | ١١,٣ |
| ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵی کێوی | ٧ | ٦ |
| ڕۆشنبیری ناوخۆیی و سیمای لادێیی | ٤ | ٣ |



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034